| | | |
|---|---|---|
| هەرێمی کوردستان - عێراق<br>ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار<br>بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەکان | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Municipality & Tourism | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة البلديات و السياحة<br>مديرية العقود العامة |

ژمارە : ٧٥٧٥
ڕێکەوت : / / ٢٧ ی کوردی

No.
Date:

بۆ/ سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر

بابەت /گرێبەست

نوسراوەکانتان بەژمارە (٧٨٦٦/١٠ لە ٢٠١٧/٧١/٤ و ١٠٨٨٢/١٠ لە ٢٠١٧/٩/١٢)دوای ووردبینی ئەم(١٢٩)سەدوو بیست و نۆ گرێبەست بفەرموون بەرەچاو کردنی ئەم تێبینیانەی خوارەوە:-

- تێبینی کرا کەگشت گرێبەستەکانی ناردراوە بۆمان بەنوسراوەکانی سەرەوەتان تیایدا سوودی دواکەوتن هاتووە بەڕێژەی(١٢%) لەکاتێک دەبێ بەڕێژەی(٧%) بنوسرێ پێویستە چاک بکرێنەوە.
- وەزۆربەی گرێبەستەکان هیچ برگەیەکیان تیادا نیە باسی بارمتەی یاسای(خطاب ضمان حسن التنفيذ) بکرێ کەپێویستە بەڕێژەی(٥%) لە پرۆژە جۆراو جۆرەکان وەربگیرێ و (٣%)لە پرۆژەکانی پیشەسازی وەربگرێت، وەئەم رستە وشەی کەنوسراوە لەگرێبەستەکان (لم تطلب احضارالتأمينات أستنادا الى محضر لجنة التسلم)یاسایی نیە ،چونکە دانانی بارمتەی یاسایی مەرجێکە دەبێ بنوسرێ لەگرێبەستەکان.
- هەروەها بەهیچ جۆرێک نابێت ماوەی گرێبەست درێژبکرێتەوە پێویستە زەوی بەموزایدە بەکرێ بدرێت.
- وسەبارەت بەکرێدانی (کوشک) پێویستە بەموزایدە بێت ، نابێت ماوەی بەکرێدانی نوێ بکرێتەوە چونکە تەنها کۆشکەکانی ناوفەرمانگە کانی میری و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بەدەرن لەموزایدە پاڵپشت بەبرگەی (سێ یەم) لەماددەی (٢٢) لەیاسایی (٣٢)ساڵی (١٩٨٦)ی هەموارکراو.
- وپێویستە گرێبەستەکانی پرۆژەی پیشەسازی وەک ئەم رەشنوسەی کەپێشتر گشتاندنمان بۆکردووە ئەنجام بدرێت نەوەک بەم شێوەی کەبۆمانتان ناردووە ، بۆ ئاگاداری و پەیرەو کردنی تکایە .....لەگەڵ رێزدا.